# بانگهێشت

نووسەری خۆشەویست .................................

بەدوای دەرکردنی دو ژمارە لە گۆڤاری ناوخۆیی ، بنکەی «رەوەند» بڕیاری داوە لە ژمارەی سێهەمیدا فایلێك بـۆ لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەو« هەڵـسەنگاندنی شـێعری نـوێی کـوردی» ـ بەتایبەت کوردستانی ئێران ـ و « رەوتی شێعر وئەدەبی ژنان » پێك بهێنێت و وەك پرۆسەی داهاتووی خۆی بەڕێوەی ببات .

**دیارە هەوڵ بۆ پێکهێنانی سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوە و شێواز ناسی شێعری نوێی کوردی کوردستانی ئێران و هەرچی زیـاتر نقیـسار کـردن و پـۆلێن کردنـی هەوڵـەکانی رەخنـەی شێعری نوێی کوردی ، خەسارناسی ، شێواز ناسی بزاڤی شێعری نوێی کوردی ، ناسینی هەوڵە تازەکـانی بـەرەی نـوێی شـێعری کـوردی و هـەروەها شـێعر وئـەدەبی ژنـان ... لـە هاندەرەکانی ئێمەن بۆ ئەم ئەرکەو ئەمەش پێك نایەت مەگەر بە بانگهێشت کردنی نووسەران و شاعیران و گونجاندنی بیرو رایان لەم فایلەدا.**

لە گەڵ رێز و خۆشەویستیماندا.

## ژمارە ٣ ی گۆڤاری رەوەند ـ فایلی تایبەت بە ( شێعری نوێی کوردی ـ شێعر و ئەدەبی ژنان )

***تـەوەرەکـان:***

**شێعری نوێی کوردی :**

١ـ دەستپێك و رەوتی شێعری نوێی کوردی

٢ـ شێوازەکانی شێعری نوێی کوردی لە سۆنگەی فۆرم و بنەما و ناوەرۆکەوە

٣ـ خەسار ناسی شێعری نوێی کوردی

٤ـ بنەماکانی شێعرییەت لە شێعری نوێی کوردی

٥ـ شێعر و سیاسەت

٦ـ کاریگەری دو لایەنەی شێعری نوێی کوردی و فارسی

٧ـ بنەما مەعریفەکان و شێعری نوێی کوردی

**ئەدەبی ژنان :**

١ـ پێشینەی ئەدەبی ژنان لە کوردستان

٢ـ تایبەتمەندیەکانی شێعر و ئەدەبی نوێی ژنان

٣ـ ژنایەتی و شێعرییەت

٤ـ شێواز ناسی هەوڵەکانی شێعر و ئەدەبی ژنانی ئەمڕۆ

٥ـ شێعری ژنان و سیاسەت

٦ـ ئەدەبی ژنانە ، ئەدەبی پیاوانە

٧ـ مەعریفە و ئەدەبی ژنان

مەرج و تێبینیەکان :

- ✓ حەوزەی توژینەوە بۆ هەر دو بابەتی «شێعری نوێی کوردی» و « ئەدەبی ژن» لەم بانگهێشتەدا کوردستانی ئێرانە
- ✓ وتارەکان بە هەر دو زمانی فارسی و کوردی وەرئەگیرێن .
- ✓ وتارەکانتان لە گۆڤارەکاندا چاپ نەکرابێت .
- ✓ بابەتەکان بە یەکێك لەم شێوانە بنێردرێت ١) تایپ کرابێت و لە ڕێگەی فاکس یان پۆست ٢) لە سەر سی دی بە فایلی word یان pdf رایت کرابێت ٣) بە شێوەی attach file لە رێی ئیمەیلەوە .
- ✓ لە هەڵبژاردنی تەوەرەکان ئازادن
- ✓ چوار چێوەی دیاریکراومان بۆ قەوارەی وتارەکان نیە
- ✓ ئەتوانن زیاتر لە یەك یان دو تەوەرەش هەڵبژێرن
- ✓ ئەتوانن بێجگە لە تەوەرەکانی سەرەوە، بە دڵخوازی خۆتان تەوەرەی تر پێشنیار بکەن .
- ✓ دواین مۆڵەت بۆ ناردنی بەرهەم ١٥ی خەرمانانی ٨٤ ه
- ✓ ئاگادار کردنەوەمان بۆ بەشداریتان لە « وتار و مێژگرد » یان « لێدوان لەسەر شێعری نوێ » یان « ئەدەبی ژنان» ئەبێتە هۆی راپەڕاندنی باشتری ئەم کارە.

---


بانە ـ صندوق پستی ١٨٨ ـ کانون روند **Email: rewend1@yahoo.com**

تلفن و فاکس : ٥٢٣ ٠ ٤٢٣ ٠٨٧٥ همراه : ٢٠٢٦ ٨٧٥ ٠٩١٨